# دراماى كوردى – تێكستێكى بێ پەيام وخەياڵێكى هاوردەكراو

محمد حسين



### تەلەفزيۆن , كاريگەرترين حكايەتخوانى ئەم سەردەمە .

زنجيرە دراماكان ديارترين فۆرمى هونەرى ئەو حكايەتانەن تەلەفزيۆن پێشكەشمان ئەكات , وەك ئەوەى بيەوێت شوێنى هەموو گوێ ئاگردان و كۆڕ و كۆبونەوە ئەدەبيەكان بگرێتەوە , لە هەر ساتێكى تەماشاكرنيدا شاشە زياد لە هەستەوەرێكمان داگير ئەكات , بێ ئەوەى هيچ ويست و بڕيارێكى پێشوەختمان هەبێت بەشێكى زۆرى كاتى بێدارى و زيندويەتيمان پێ خەرج ئەكات , ئەمەيش تايبەتمەنديەكى ترى ژيانى ئەم سەردەمەيە , ئەوەى كە هەندێك جار وەك ( چاخى شاشە ديجيتاڵيەكان ) ناودەبرێت . هاوشانى ئەو واقعە كۆمەڵايەتى و ئابورى و فەرهەنگى و سياسيەى بە بەشداريەكانى ژيانى ڕۆژانەمان دروستى ئەكەين , تەلەفزيۆن واقعێكى ترى گريمانكراوى بە وێنەو خەياڵ دروستكراومان پێشكەش ئەكات , ئەم واقعە گريمانكراوە هەندێك جار لە واقعە ژيانيەكەى خۆمان زياتر و كاريگەرتر بەشدارى ئەكات لە پێكهێنانى خەياڵ و هۆشيارى و مێنتاڵيتى مرۆڤدا , هەر بۆيە ئەوەى ئيمان و باوەڕى ئێمە پێك دەهێنێت تەنها ئەوحكايەت و چيرۆك و ڕوداو و مژدە و هەڕەشانە نيە كە لە ڕێگاى هەستەوەرەكانمانەوە دەيبينين و دەيبيستين , بەڵكو بەشێكى زۆرى لەبەردەم ئەم شاشەدا ڕەنگڕێژئەبێت , هەمان ئەو ڕۆڵەى پێشتر كتێبە پيرۆز و ناپيرۆزەكان , مزگەوت و تەكێ و خانەقاكان , پەيك و ديوەخان و شەوچەرەكان دەيانگێڕا , ئێستاكە بەتەنها ئەم شاشە پڕئەفسونە دەتوانێت بيگێڕێت , هەر ئەم ڕۆڵە تۆتاليتارەيشە واى كردووە ئەوەى لەشاشەى تەلەفزيۆنەكانەوە نيشان ئەدرێت , جگە لەو پێوەرە بابەتى و هونەرى و پەوەردەييانەى خودى ( بابەتە نيشاندراوەكە ) بە فلتەرەكانيدا تێئەپەڕێت , كۆمەڵێك لێپرسينەوەى كۆمەڵايەتى وفكرى و سياسى تريشمان لەگەڵيدا هەيە , چونكە ئەم بابەتانە هەر بۆ ئەوەنيە كاتى سەرگەرمكردنى بينەر خەرج بكات و دواتر بخرێتە ئەرشيفەوە , بەڵكو هاوكات ئەركى دروستكردنى يادەوەرى و ئاگايى مرۆڤى هاوچەرخيشى لە ئەستۆدايە .

### ئەوەى كە زنجيرە تەلەفزيۆنيەكان پێمان ناڵێت – گفتوگۆيەكى يەكلايەنە

زنجيرە دراماكان لەو جۆرە بەرنامانەيە كە كاتێكى ڕێكخراوى دورودرێژى لە بينەر ئەوێت , سەرنج و تەماشايەكى هێندە ورد و هەستياريشى ئەوێت كە لە يەك كاتدا بينين وبيستن و ئاگايى و يادەوەرى و هەڵچون و پێكەنين و گريانيشى لە بينەر وەرگرتووە . هەموو ساڵێك لە مانگى ڕەمەزاند چەند بەرهەمێكى تازەى دراماى كوردى ئەبينين , دوابەدواى هەر نيشاندانێكى تەلەفزيۆنيش ڕاستەوخۆ ئاستى نواندن و تەكنيكى دەنگ و ڕەنگ و دەرهێنان و مۆنتاژ و لايەنە هونەريەكانى ترى ئەم بەرهەمانە دەكەونە بەر گفتوگۆ ومشتومڕى شارەزا و ڕەخنەگرانى بوارەكە , ئەگەرچى بڕێكى زۆرى گفتوگۆكانيش بە جۆرێك نەبوون ئاسۆكانى بينين وتێگەيشتنى هونەرمەندان و بينەران فراوانتر بكات , بەڵام لانى كەم ئەو ڕۆڵ و گرنگى و زيندويەتيەى تيا ڕەچاو دەكرا كە زنجيرە تەلەفزيۆنيەكان لە ژيانى فەرهەنگى و ڕۆحى مرۆڤى ئەم سەردەمەدا هەيەتى .

لە نێو ئەم گفتوگۆیانەدا ئەوەی تا ئێستا بە فەرامۆشکراوی و باسنەکراوی ماوەتەوە , باکگراوەندی فکری و سیاسی ئەم بەرهەمانەیە , ئەو پەیامەیە کە روداو و دیالۆك و ململانێ و گرفتە ژیانێکانی کارەکتەرەکان دەخوازن بیگەیەنن , نەوروژاندنی ساویلکەیی و بێ پەیامی و سادەلەوحی بیرۆکە و سیناریۆی بەشێکی زۆری ئەم زنجیرانەیە , نەخستنەڕوی ئەو کێشە جەوهەریانەیە کە وای کردووە هیچ درامایەکی کوردی بەقەدەر (لەمیس و یەحیا ) بینەری کورد خۆی تیا نەبینێتەوە . کەواتە هێشتا ئەو پرسیارە لە درامای کوردی نەکراوە : بۆچی بە تێپەڕینی زنجیرەکانی ناتوانێت پرسیاری جدی لای بینەر دروست بکات ؟ ڕوداوێك ناخاتەڕو بینەری کورد سەرسوڕمان و دڵەڕاوکێ و نیگەرانیی و نائومێدیەکانی خۆی تیا بدۆزێتەوە ؟ وەك ئەوەی چیرۆك وسیناریۆکانیان بۆ بینەرانێکی بێ یادەوەری و بێ خەم ئامادەکرابێت , هەموو ئەو کێشانەی مرۆڤی هاوچەرخی کورد پێوە ئەپلێتەوە بە جوانی و دەوڵەمەندی لەناو ئەم درامانەدا کاری لەسەر نەکراوە .

هەندێك لەم زنجیرانە ( ئەوانەی بە درامایی مێژیی ناو دەبرێت ) سەر قاڵی مەزنکردنەوەو جوان نیشان دانەوەی رابردوون , بە شێوەیەکی کاریکاتۆریانە و سادەلەوحانە مێژویەکی پرشنگداری یەکلایەنەی حیزب وشۆڕشێکی دیاریکراومان نیشان ئەدەنەوە . هەندێکی تریان خوێنساردانە و بە سیناریۆی لاواز و بیرۆکەی نەزۆکەوە کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردی نیشان ئەدەن , یاخود چیرۆکی خۆشەویستی و ئەو تەنگ وچەڵەمانەی ئەشێت بابەتێکی وەها لە کۆمەڵگای کوردیدا دروستی بکات . هەڵبەتە بەشێکی زۆری ئەم گرفتانە ئەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی میدیایی کەناڵەکان , وەڵامی هەندێك لەم پرسیارانەیش بە کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان ئەدرێتەوە , نەك ئەو هونەرمەندانەی لە بەردەم بەڵێ و نەخێری کاربەدەستانی ئەم کەناڵانەدا درامای کوردیمان بۆ دروست ئەکەن , هەر بۆیە تا رادەیەکی زۆر بابەت و کێشە و روداوەکانی ناو دراما کوردیەکان رەنگدانەوەی سیاسەتی حیزبی و ئایدۆلۆجی ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنیانەیە کە تێچوی بەرهەمەکەی لە ئەستۆ گرتووە , وێنەی روداو و کێشەکانیشی بەو جۆرە نیشان دراوە کە سیاسەتی کەناڵەکە خواستویەتی , تەنانەت دیالۆك و دیدگای کارەکتەرەکان و ڕۆڵیان لە ناودراماکەدا هاوتەبای هەمان سیاسەتە . رەنگە تا ئێرە ئاسایی بێت , چونکە هەموومان دەزانین کاری دراما چەندە تێچوی زۆرە , هەر دەزگاوکەناڵێکیش ئەم تێچووە دابین بکات لانی کەم نایەوێت درامایەکی بۆ بەرهەم بهێنن کە مایەی بێزارکردنی بێت , بەڵام ئەوەی ئاسایی نیە و مەبەستی قسەلەسەرکردنی ئەم نوسینەیشە , ئاستی پابەندبونی ئەم بەرهەمانەیە بەسیاسەت و مەبەستی تەسك و زۆر بچوکی ئەم کەناڵانەوە , هەر ئەم پابەندیە توندەیشە بووەتە هۆی بێ گیانی و خوێنساردی ئەم درامانە لە ئاستی نیشاندانی ئەو کێشە هەستیارانەی مرۆڤی هاوچەرخی کوردی هەراسان کردووە . بۆ نمونە کێشەیەکی وەك ئاوارەیی و دەربەدەری (خەڵکی کوردستان ) , یان کارەساتی لە وڵات بەدەرنانی کوردە فەیلییەکان , شاڵاوەکانی ئەنفال ...و دەیان کێشەی تری هاوشێوە تا ئێستا نەکراونەتە بابەتی زنجیرە درامایەك , لە هەموی سەیرتر کەرکوکە , ئەم شارە نزیکەی نیوسەدەیە وەك گرێ کوێرەی کێشەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی نیشان ئەدرێت , هەمیشە گوتاری هێزە سیاسیەکان ئەوەبووە کەگرنگی کەرکوك لەبەر سامانە سروشتیەکەی نیە , ئەوەندەی لە هەبونی کەرکوك خۆیدایە وەك شارێکی کوردستانی , کەچی درامای کوردی تا ئێستا بیری لەوە نەکردۆتەوە ژیانی ئاوارەیەکی ئەم شارە , نەهامەتی گەڕەکێکی وێران وفەرامۆشکراوی , ناکامی عەشقێکی تیرۆرکراوی بکەنە بابەتی درامایەك , لە کاتێکدا لانی کەم چل ساڵە خەڵکی کەرکوك قوربانی کێشە سیاسی و نیشتمانیەکانی ئەم بەشەی کوردستانن . بەدڵنیایەوە تەنها دنیابینی وسیاسەتی بچوك و کورتبینانەی کەناڵەکانیش تەفسیری ئەم خوێنساردی و بێدەربەستیەمان بۆ ئەکات , ئەگینا هەرگیزناتوانین تێبگەین لەوەی بۆچی مێژو وخەباتی حیزبێکی دیاریکراوئەکرێتە بابەتی دوو زنجیرە دراما ( گەردەلول وەك نمونەیەك ) , کەچی خەبات و قوربانیدانی نیوسەدەی کەرکوك و گەرمیانیەگان ناهێنرێتە سەر شاشە .

بابگەڕێینەوە بۆ لای ئەوکێشە کۆمەڵایەتی و ئابوری و جێندەری و ...هتد کە ئەشێت بە کێشەی ڕۆژ ناودێری بکەین , چونکە لە ساڵانی رابردودا چەند بەرهەمێکمان ئەبینی بەشێوەیەکی کۆمیدی دەیویست هەندێك گرفت وئاریشەی سیاسی و

کۆمەڵایەتی نیشان بدات , وەك نمونەی ( فەنتەلۆز ) , لە راستیدا ئەم بەرهەمانەیش ئەوەندەی بۆ وروژاندنی پێکەنینێکی ختوکە ئاسای بازاڕی و نزم بوو , دراما نەبوو پڕ بە مانای وشەکە , هاوکات کۆمیدیایەکیش نیە شتێکی مانادار بە بینەر بڵێت و نرخ و بەهای هونەری تیا ڕەچاو کرابێت , ئەوەی فەنتەلۆس و بەرهەمەکانی هاوشێوەی نیشانی ئەداین رستێك جنێوی بازاڕی و قسەی بێ سەر وبەری سەر جادەبوو کە لەڕوی پەروەردەییەوە زۆر هەڵە و زیانباریشە لە تەلەفزیۆنەوە نیشان بدرێت . نمونەیەکی تر زنجیرە درامای ( ئارەزو ) ە , کە نە لە چوار چێوەی درامای مێژوییدا و نە لە کۆمەڵایەتیشدا پۆلێن ناکرێت , ئەم زنجیرە بە جۆرێك ڕوداوەکانی کۆمەڵگای جوتیاری کوردی نیشان ئەداین ناکۆك بوو بە هەموو رێسا و یاساکانی سروشتی ژیانی جوتیارانە , (بۆنمونە , ئاغاو دەرەبەگەکانی کردبووە پەپولە و خەڵکە هەژارو عاشقەکەیشی کردبووە سەرچاوەی هەرچی شەڕو نەهامەتی هەیە ), دیارە ئەگەر زنجیرەی ئارەزو بەراوردکەین بە زنجیرەی ژاڵە کە لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو بەرهەم هێنرا , هەموومان ئەزانین توشی چ پارادۆکسێك ئەبین .. بە هەرحاڵ لە درامای کۆمەڵایەتیدا جگە لەهەوڵەکانی خوالێخۆشبو ( حسین میسری ) هەموو زنجیرە تەلەفزیۆنیەکان تارادایەکی زۆر بێ پەیام و بێ پرسیار بوون , بیرۆکە و خەیاڵ و ڕوداوەکانی هەندێکیان وەك ئەوە وایە لە وڵاتێکی ترەوە هاوردە کرابێت , تەواو دورن لە کێشەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمەی کوردستانەوە ( زنجیرەی درامای پرس , وەك نمونەیەك ) .

## بۆشاییەکانی درامایی کوردی :

ئەو بۆشاییانەی درامای کوردی دروستی ئەکات زۆربە خێرایی لەلایەن زنجیرە تەلەفزیۆنیە بیانیەکانەوە پڕئەکرێتەوە , لەبەر ئەوەی بینەر ناچارنیە ئەو کاتەی بۆتەماشاکردن هەیەتی بە درامایەکەوە سەرف کات نەچێژی پێ ئەبەخشێت و نە پرسیارێکیشی لادروست ئەکات .. ئیترئەو بینەرانەی توانای تێگەیشتنی زمانێکی تریان هەیە دەچن بۆ لای زنجیرە عەربی و فارسی و تورکی و ... کانی تر , ئەوانەیشیان هەر تەنها کوردی ئەزانن لەسەر ئەو زنجیرە فارسی وعەربی وبیانیانە دەگیرسێنەوە کە کراونەتە کوردی .. بەتایبەتی زنجیرە فارسی و تورکیەکان کە زۆر بەخێرایی توانی سەرنجی بینەرانی کورد رابکێشێت . لێرەوە ئیتر توشی سەرسوڕمان و شۆکی ئەو خواست و داوا زۆرە ئەبین کە بینەرانی کورد بۆ دراما تورکی وبیانیەکان هەیانە , لە بەرامبەر تێپەڕینی دراماکوردیەکانیش بەبێ کاریگەری و بێ ئەوەی هیچ شوێنەوارێك جێبهێڵێت .

بۆ گفتوگۆکردنی ئەم کێشەیە لەپێشدا پێویستە لە تایبەتمەندیەکانی بینەری کوردی بڕوانین و تێی بگەین , هەمو کۆمەڵگایەك لە ئەنجامی کۆی گشتی کارکردنی کایە ئابوری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکانی جۆرەبینەرێکی دروست کردووە کە خاوەن خواست و تایبەتمەندی و ویستی جیاوازن لە کۆمەڵگایەکی تر , کاتێك دەبینین زنجیرە تورکیەکان زۆر زیاتر لە زنجیرەکانی کوردسات وکوردستان TV و زاگرۆس و ... هتد , کار لە بینەری کوردی ئەکەن , ئەوا دەبێت هەست بەو راستیانە بکەین کە ئەم زنجیرە بیانیانە سەرەڕای نامۆیی و نالەباریشیان بە کۆمەڵگای ئێمە , هێشتا کۆمەڵێك شت بە بینەری کوردی ئەبەخشن کە لای دراما کوردیەکان دەست ناکەوێت , ( لەمیس و یەحیا ونور و ... ) هەندێك ئازار و نائومێدی و گرێی چەپێنراوی خۆمانمان بۆ بەرجەستە ئەکەنەوە کە ئەکتەرە کوردەکان هەرگیز ئەوئازادیەیان نیە بە ڕۆڵێکی لەم شێوەیە هەستن . بەو جۆرەی ئەم زنجیرە بیانیانە توانای تێرکردنی پێداویستیە سۆزداریەکانی مرۆڤی کوردیان هەیە دراماکانی خۆمان ناتوانێت . ناکرێت بینەری کورد نیوسەدەی تر چاوەڕێ بکات تا کۆمەڵگای کوردی هەندێك نواندنی تایبەتی لە ئەکتەرە کچەکانی قبوڵ بکات , ئەمرۆ سەتەلایت بینەری سەرپشککرووە لە ناوسەدان زنجیرەدا یەکێکیان هەڵبژێرێت , ئایا درامای کوردی لە کوێی ئەم رکەبەریەدایە , بە چی و چۆن دەتوانێت بینەرەکانی خۆی راگیربکات . کە بە راستی کاتی ئەوەهاتووە ئەو کەناڵ و دەزگا و هونەرمەندانەی سەرقاڵی دروستکردنی درامای کوردین پرسیارێکی وەها لەخۆیان بکەن .